كوردستانی نوێ ژمارە(3907) ڕۆژی 27–2–2006

## حکومەتی ئەمسا بەڕەسمیی چاودێریی دانیشتنەکان دەکات

# دادگایکردنەوەی د.کەمال سەید قادر بۆ ٣/٩ دواخرا



**سمکۆ عەبدولکەریم و**

**دڵزار حەسەن:**

**فۆتۆ- سەنعان**

نیوەڕۆی ٢٦/٢ بەئامادەبوونی فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هەردوو پارێزەرەکەی گۆڤەند بابان و سیروان عەزیز، دادگایکردنەوەی د.کەمال سەید قادر لەهۆڵی دادگای هەولێر بەڕێوەچوو.

حاکم فەرەیدون زەنگەنە کەدادگایکردنەکەی بەڕێوەدەبرد، داوایکرد هەریەك لە د.کەمال سەید قادرو ئەو لایەنانەی کە داوایان لەسەری هەیە لەبەردەم دادگادا ئامادەبن کە بریتیبوون لەنوێنەرانی پارێزگای هەولێرو نوێنەری پاراستنی کوردستان.

پاش خوێندنەوەی داوای لایەنەکان، دەقی ئەو وتارانەی د.کەمال سەید قادر خوێندرانەوە کە لەچەند سایتێکی ئینتەرنێت بڵاوکراونەتەوەو بەهۆیەوە ناوبراو دەستگیرکراوە.

لەکۆتاییدا حاکم فەرەیدون دانیشتنەکەی دواخست بۆ ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٩ بۆ ئەوەی لەڕووی یاساییەوە ئەو بەڵگانە جێگیر بکرێن و لەوە دڵنیابن کە ئەم وتارانە کەی و لەکوێ نووسراون، چونکە بەگوێرەی یاسا نابێت مێژووی داواکان لە ٦ مانگ زیاتر بەسەر نووسینەکاندا تێپەڕیبێ.

بەر لەکۆتاییهاتنی دانیشتنەکە پارێزەر گۆڤەند بابان داوای وەڵامی ئەو داواکارییەی لەحاکم کرد سەبارەت بەئازادکردنی د.کەمال بەکەفالەت کە دواتر دەرکەوت ئەم داوایە لەلایەن حاکم فەرەیدون-ەوە ڕەتکراوەتەوە.

بۆ ل٢

دەناساند، دووپاتیشیکردەوە: تا داواکارییەکانیان لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ نەکرێن بەشداریی گفتوگۆکان ناکەن و بەهەڵواسراویی دەیهێڵنەوە.

## درێژەی.. حکومەتی نەمسا

بەڕێز فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەلێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا وێرای تەئکیدکردنەوەی لەسەر ئازادیی رادەربڕین، گوتی: یاسا یەکلاکەرەوەی هەموو کێشەو گرفتەکانەو لەرۆژانی داهاتوودا ئێمە چاوەڕوانی ئەنجامی دادگایکردنەکە دەکەین، هەروەها گۆڤەند بابان پارێزەری د.کەمال سەید قادر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دادگایکردنەکەی بەئاسایی وەسفکرد، بەڵام گوتی: ئێمە تێبینی زۆرمان هەیە لەسەر ئیجرائاتەکان، سەبارەت بەو لایەن و کەسانەش کە داوایان لەسەر د.کەمال تۆمارکردووە، پارێزەر گۆڤەند گوتی: ئەوەی لەو دادگایکردنەدا بینرا تەنیا لایەنی حکومەت بوو، کە لەم رووەشەوە هیچ یاسایەك نەماوە هەموو یاساکان هەڵوەشێندراونەتەوە، لایەنەکەی تر کە تاکە کەسی نەبوو، واتە هیچ کەسێك نەهاتووە بۆ دادگاو شکاتی هەبێت، بۆیە دەبوایە ئیفراج بکرێت، لەرووییەکی ترەوە پارێزەر گۆڤەند بابان کێشەکەی د.کەمال-ی بەکێشەیەکی سیاسی لەقەڵەمداو سەبارەت بەدواخستنەکەشی گوتی: ئەوە شتێکی ئاساییە دادگا حەقی خۆیەتی بۆ ئەوەی بگاتە راستی، بەڵام ئێمە پێمان وابوو بەم دانیشتنە هەموو شتێك کۆتایی دێت، ئەوەشی راگەیاند کەحکومەتی نەمسا بەرەسمیی چاودێریی دادگایکردنەکە دەکات.

## درێژەی. .روسیا

سێرگێ کیرینکۆ-ی بەڕێوەبەری ئاژانسی وزەی ئەتۆمی روسیا

ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (2070)رۆژی 27-2-2006

# به تۆمەتی تانه و تەشەرەدان له کەسایەتی سیاسی هەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی د.کەمال سەید قادر دادگایی کرا

**خەبات- هەولێر:** دوێنێ لەشاری هەولێر د. کەمال سەید قادر بە تۆمەتی تانەوشەرەدان لە کەسایەتی سیاسی هەردوو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ناو زڕاندنیان بەبێ بوونی بەڵگە و پاڵپشتی یاسایی و سووکایەتی کردن بە ژمارەیەک رۆژنانە و رۆژنامەنووسی کوردستان لەلایەن دادگای کەتن، دادگایی کرا، لەسەرەتای دادگایی کردنەکەدا

13

*** بە تۆمەتی تانە و تەشەرەدان لە کەسایەتی سیاسی هەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی د.کەمال سەید قادر دادگایی کرا**

داواکاری گشتی سکاڵای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و رۆژنامەی خەبات و چەند سکاڵایەکی دیکەی خوێندەوە، کە لەسەر ناوبراو لە دادگای کەتن تۆمار کراون و ئەو تۆمەتانەشی خستەروو کە تاوانبار دەگرێتەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەو نووسینانەشی خوێندەوە، کە د. کەمال سەید قادر لە ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت بڵاویکردوونەتەوە و بە هۆیانەوە تاوانبار کراوە، دادوەری

دادگای کەتن پرۆسەی دادگاییکردنەکەی بۆ رۆژی پێنج شەممەی داهاتوو دواخست تا لە لایەن پسپۆر و لایەنە پەیوەندارەکانەوە نووسینەکان و شوێن و مێژووی ئەو نووسراوانە دەسەلمێندرێ.